دکتور سالح ئیبراهیمی



هەرکەسێ کار و کردەوەیەکی چاک بکا پاداشی چاکتری لەوە بۆ هەیە، ئەوانە لە مەترسی ئەو ڕۆژە لە ئەماندان ﴿٨٩﴾ هەرکەسێ کە کاری خراپ و ناحەز بکا، لەپەڕوو؛ بە دەمەوڕوو دەخرێتە نێو ئاگر، ئاخۆ زیاتر لە تۆڵەی کارەکەتان ئازارتان بۆ دەبڕێتەوە؟ ﴿٩٠﴾ (بڵێ:) بە من فەرمان دراوە کە تەنیا خێوی ئەم باژێر و شارە (مەککە) بپەرستم، شارێ کە خوا ڕێزی گرتووە، هەموو شتێک تایبەت بەوە، فەرمانم پێدراوە کە لە خۆ بەدەسەوەدەران بم ﴿٩١﴾ قورئان بخوێنم، هەرکەس ڕێنوێن ببێت، جا تەنیا بۆ خۆی ڕێنوێن ئەبێ و هەرکەسیش لاڕێ بێ (بە ئەستۆی خۆیەتی)، جا بڵێ: من تەنیا لە ترسێنەرانم ﴿٩٢﴾ بڵێ: سپاس تایبەتی خوایە، ئەو بە زوویی نیشانەکانی خۆی بە ئێوە نیشان ئەدا، جا دەیاننناسن و پەروەرێنەری تۆ لەوەی دەیکەن غافڵ و بێئاگا نییە ﴿٩٣﴾

## سوورەی قەسەس ٨٨ ئایەتە

**سوورەی قەسەس لە مەککە هاتۆتە خوارێ بە (بسم‌الله)وە ٨٨ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن.

طا، سین، میم ﴿١﴾ ئەمانە نیشانەکانی کتێبی ڕوونـاکەرەون ﴿٢﴾ ئێمە بۆ تۆ و بۆ (ئاگاداری) ئەوانەی کە بڕوا دێنن، چریکە و هەواڵی مووسا و فیرعەونتان بە دروستی بۆ دەخوێنینەوە ﴿٣﴾ فیرعەون لەو عەرزەدا بالادەس بوو، خەڵکەکەی کردە دەستە دەستەی جیاواز؛ دەستەیەکی بێهێز و کز و کەنەفت کرد (لەباری هزری، فەرهەنگی، ئابووری، کۆمەڵایەتی و ڕامیاری) کوڕی ئەوانی سەردەبڕی و ژنان (و کچان)ی ئەوانیشی بە زیندوویی دەهێشتەوە بۆ کارەکەری، بەڕاستی ئەو (فیرعەون) لە خراپان و موفسیدان بەزەرەر بوو ﴿٤﴾ ئێمە دەمانەوێ بە زەبوون کراوان و (کزکراوان)ی سەر زەوی ناز و نیعمەت بدەین و بیانکەینە پێشەوای (خەڵک) و لە دوایشدا بۆ خۆیان بمێنمێتەوە و ببنە میراتگرانی ڕووی زەوی ﴿٥﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

جێگای ئەوانە لەو سەرزەوییەدا خۆش و پتەو بکەین و بە فیرعەون و هامان و لەشکرەکەیان ئەوەی کە لێی دەترسان نیشان بدەین ﴿٦﴾ ئێمە بە دایکی مووسامان ڕاگەیاند کە شیر بدە بەو، جا هەرکاتێ لەبابەت ئەو ترست لێنیشت بیهاوێژە نێو زەریا (ی نیل)، ترس و غەمت نەبێ کە ئێمە ئەو دەگێڕینەوە بۆ لای تۆ و لە پێغەمبەرانی دادەنێین ﴿٧﴾ (لە ترسا ئەو منداڵەیان خستە نێو زەریا)، جا خانەدانی فیرعەون گرتیانەوە (و دەریانهێنا) تا ببێتە دوژمن و هۆی خەفەتیان، بەڕاستی فیرعەون و هامان و لە شکرەکەیان خەتاکار بوون ﴿٨﴾ (ئاسیە) پێرەکاو ژنی فیرعەون (کاتێ دیتی دەیانەوێ ئەو منداڵە بکوژن) وتی: مەیکوژن، نووری چاوی من و تۆیە، بەڵکوو سوودی بۆمان هەبێ یا بیکەینە کوڕی خۆمان، نەیاندەزانی چ دەکەن (کە دوژمنی خۆیان ڕادەگرن و پەروەردەی دەکەن ﴿٩﴾ دایکی مووسا هیچ هۆشی کوڕەکەی لە دڵ و دەروونی نەمابوو، ئەگەر دڵی ئەومان قەوی و پتەو نەکردبایە کە لە بڕواداران بێ، نێزیک بوو ڕازی ئەو (منداڵ)ە ئاشکرا بکا ﴿١٠﴾ بە خوشکی ئەو (مووسا)ی وت: بە دوایدا بڕۆ، جا ژنەکە بێ ئەوەی ئەوان (فیرعەونیان) بزانن لە دوورەوە بۆی دەڕوانی ﴿١١﴾ هەر لە پێشدا وام بۆ دانا مەمکی هیچ دایەنێک نەمژێ تا (مەمکی دایکی بمژێ)، جا (خوشکی مووسا کە زانی فیرعەونیان بە دوای داین دەگەڕێن) وێگۆ: ئایا ئێوە دەتانەوێ بۆ خانەدانێک ڕێنوێنیتان بکەم کە ئەوتان بۆ پەروەردە بکەن و چاکەی ئەویان بوێ (چاک ویستی ئەو بن)؟ ﴿١٢﴾ جا ئەومان گەڕاندەوە لای دایکی تا چاوی ئەو (دایکی مووسا) ڕوون بێتەوە و غەم نەخوا و بزانێ کە بەڕاستی بەڵێنی خوا هەقە، بەڵام زۆربەیان نازانن ﴿١٣﴾

دکتور سا لح ئیبراهیمی



وەختێ گەیشتە تافی جوانی و مرۆیێ تەواوی لێدەرچوو، زانست و لەکارزانینمان پێدا، ئا بەمجۆرە بە چاکان پاداش ئەدەین ﴿١٤﴾ (جارێ) بێئەوەی خەڵکی شار ئاگایان لێی بێ چووە نێو شار، دوو پیاوی دی کە پێکەوە جەنگیانە، ئەمەیان لە هۆزی ئەو (بەرەی ئیسرائیل) بوو و ئەوی تریشیان لە دوژمنانی (لە فیرعەونیان) بوو، ئەوەی لە هۆزی (مووسا) بوو بە دژی ئەوەی لە دوژمنان بوو یارمەتی لەو (مووسا) ویست، جا مووسا کوڵەمستێکی لێدا، جا مرخەی لێ بڕی و نەفەسی چنی و کوشتی. مووسا وتی: بەڕاستی کاری شەیتانە، بەڕاستی ئەو بە ئاشکرا دوژمنێکی لە ڕێ لادەرە ﴿١٥﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرێنەرم! ستەمم لە خۆم کرد، بمبوورە، جا خوا لێی بووری و بەخشی، چونکە هەر ئەوە لێبور و دڵلاوێنە ﴿١٦﴾ وتی: ئەی پەروەرێنەرم لەبەر ئەو ناز و نیعمەتەی کە بە منت داوە، قەت پشتیوانی لە تاوانباران ناکەم ﴿١٧﴾ جا بۆ ڕۆژی دوایی بە ترسەوە لە شاردا مابوو و چاوەڕوانی ڕووداوێک (و هەواڵێک) بوو، لە ناکاو ئەوکەسەی کە دوێنێ یارمەتی لەو (لە مووسا) ویستبوو (دووبارە) یارمەتی لەو ویست، مووسا پێی وت: بێگومان تۆ بە ئاشکرا لاڕێی! ﴿١٨﴾ جا کاتێ ویستی بۆ پیاوێ کە دوژمنی هەر دووکیان بوو هێرش بەرێ و بەری بگرێ، وتی: ئەی مووسا ئایا دەتەوێ هەروەکوو دوێنێ یەکێکت کوشت، منیش بکوژی؟ تۆ ناتەوێ، مەگەر ئەوە لە ستەمکاران بی و ناتەوێ لە چاکان و چاکەکەران بی ﴿١٩﴾ پیاوێک لەوپەڕی شارەوە بە هەڵاتن هات و وتی: ئەی مووسا! بەڕاستی سەرگەورەکانی شار لە بارەی تۆوە قسە دەکەن کە بتکوژن، جا لە شار بڕۆ دەرێ، بەڕاستی من چاکەویستی تۆم ﴿٢٠﴾ جا مووسا بە ترسەوە لە شار دەرچوو نیگەران و چاوەڕوان بوو (شتێ بقەومێ) وتی: ئەی پەروەرێنەرم لەم هۆزە ستەمکارانە ڕزگارم بکە ﴿٢١﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

کاتێ چووە دەرێ ڕووی کردە لای مەدیەن، وتی: بەڵکوو پەروەرێنەرم بۆ ڕێی ڕاست ڕێنوێنیم بکا ﴿٢٢﴾ کاتێ گەیشتە سەر ئاوی مەدیەن، کۆڕێ لە خەڵکی لەسەر ئەو ئاوە دی کە ئاو هەڵدێنجن (کە ئاژەڵ و پاتاڵی خۆیان) ئاو ئەدەن و لە پشت ئەوانەوە دوو ئافرەتی دی کە مێگەلە پەزەکەی خۆیان ڕاگرتووە و (چاوەدێریانن کە بڵاو نەبنەوە و نەیێنە سەر ئاوەکە، مووسا بەو دوو ئافرەتەی) وت: ئێوە کارتان چییە؟ وتیان: (ئێمە پەزەکانمان) ئاو نادەین تا شوانەکان نەگەڕێنەوە، باوکمان (ئیختیار و پیر و کۆنەساڵ و زورهان و لەکارکەوتە و) پیرێکی گەورەیە ﴿٢٣﴾ جا (مووسا) ئاوی بۆ هەڵێنجان و مەڕەکانی بۆ ئاو دان، لە پاشان چووە بن سێبەر، جا وتی: ئەی پەروەرێنەرم! بەڕاستی بە نیعمەتێ کە بۆم دەنێری نیازم هەیە ﴿٢٤﴾ جا یەکێ لەو دوو ئافرەتە کە بە شەرمەوە بە ڕێدا دەڕۆیی هاتە لای ئەو (مووسا) و وتی: باوکم بانگت دەکا تا مزەی (پاداشی) ئەوەت پێ بدا کە ئاوت هەڵێنجاوە و مەڕەکانی ئێمەت ئاو داوە، جا کاتێ هاتە لای و ڕابوردووی خۆی بۆ ئەو (شوعەیب) گێڕاوە، بە (مووسای) وت: مەترسە تۆ لە هۆزی ستەمکاران ڕزگارت بووە ﴿٢٥﴾ یەکێ لەو دوو (کچە بە باوکی) وت: ئەی بابە بە کرێی بگرە، چونکە چاکترین ڕەنجبەر ئەوەیە (بەتوانا و خاوەن هێز و) بەتاقەت و جێی باوەڕ و ئەمین بێ﴿٢٦﴾ (شوعەیب) وتی: دەمەوێ یەکێ لەم دوو کچەم لە تۆ مارە بکەم، بەو مەرجەی کە هەشت ساڵ کارم بۆ بکەی، جا ئەگەر دە ساڵت کار بۆ کردم، ئەوە پیاوەتی خۆتە و من نامەوێ تۆ بخەمە زەحمەت، ئەگەر خودا بیەوێ لە پیاوچاکانم دەزانی ﴿٢٧﴾ (مووسا) وتی: (باشە) ئەمە (قەراردادێک) شتێک بێ لە نێوان من و تۆدا، جا هەر کامە لەم دووانە (٨ ساڵ تا ١٠ ساڵ) بەجێ بگەیێنم تاوانێکم لەسەر نابێ (و ستەمم نابێ لێبکرێ)، خوا بەسەر ئەوەی کە دەیڵێین بریکار و چاوەدێرە ﴿٢٨﴾

جا کاتێ مووسا ماوەی (مەرجی) خۆی بردە سەر و لەگەڵ خێزانی (لە مەدیەنەوە بۆ میسر) کەوتە ڕێ، لە ئالی و لە لای (کێوی) توور ئاگرێکی (نوورێکی) دی، بە خێزانی وت: ڕاوەستن (خۆڕاگرن)، ئاگرێکم دیوە تا بەڵکوو هەواڵێ یا چڵۆسک (داری نیوەسووتاوی بەگڕ) و پۆلووە ئاگرێکتان بۆ بێنم تا خۆتانی پێ گەرم بکەنەوە ﴿٢٩﴾ جا کاتێ هاتە نێزیک ئاگرەکە لە کەناری ڕاستی دۆڵ و گەڵیەکە لەو زەوییە پیرۆزە لە دارەکەوە هەرا کرا کە ئەی مووسا! بەڕاستی من ئەڵڵا پەروەرێنەری جیهانیانم ﴿٣٠﴾ عەساکەت فڕێدە، جا کاتێ دیتی وەک ئەوە توولەمارە دەبزوێ و بەلەز دەڕوا، ترسا گەڕاوە دواوە و ئاوڕیشی نەداوە (بەو وترا:) ئەی مووسا! وەرە پێش و مەترسە، تۆ لەوانەی کە لە ئەماندان ﴿٣١﴾ دەستت بکە بە بنهەنگڵتدا تا سپی و جوان بێ هیچ عەیبێک بێتە دەرێ و دەستی خۆت بۆ لای (سینگی) خۆت بێنە بۆ لەناوچوونی ترس و لەرزت، جا ئەم دووانە دوو بەڵگەن لە لایەن پەروەرێنەرتەوە بۆ لای فیرعەون و دەسەودایرەکەی، چونکە ئەوانە هۆزێکی خراپ و نافەرمانن ﴿٣٢﴾ (مووسا) وتی: ئەی پەروەرێنەرم یەکێکم لەوان کوشتووە، جا دەترسم (لە تۆڵەدا) بمکوژنەوە ﴿٣٣﴾ هاڕوونی برام کە لە من زمان تەڕ و پاراوترە، جا ئەوم لەگەڵدا کل بکە و بینێرە تا کۆمەگ و یاوەرم بێ و قسەکانم بسەلمێنێ، بەڕاستی ئەترسم کە بە درۆم بخەنەوە ﴿٣٤﴾ فەرمووی: باسکت بە هۆی هاڕوونی برات بەهێز دەکەم و دەسەڵاتدارتان دەکەم و بە هۆی بەرەکەتی نیشاکانی ئێمەوە دەسیشیان بە ئێوە ناگا و ئێوە دووان و ئەوانی لە دووی ئێوە بن زاڵ و سەرکەوتون ﴿٣٥﴾

جا کاتێ مووسا بە بەڵگە ئاشکراکانمان هاتە لایان وتیان: بێجگە لە جادوو شتێ تر نییە و لەخۆوە ڕێکی خستووە، کە لە نێو باوانی پێشینانی ئەوەڵمان، ئەمەمان نەبیستووە ﴿٣٦﴾ مووسا وتی پەروەردندەم لە هەرکەس چاتر دەزانێ لەلای خواوە ڕێنوێنی هێناوە و کێ دوارۆژی چاکی بۆ دەبێ، بێشک ناحەقیکاران ڕزگار نابن ﴿٣٧﴾ فیرعەون وتی: ئەی مەزنەکان (دەرباریان)! بێجگە لە خۆم خوایەک بۆ ئێوە شک نابەم، جا ئەی هامان! تۆ خشتی کاڵم لە کلْدا بۆ بخارێنە (و خشتم بۆ سوور بکەوە) و کۆشکێکم بۆ ساز بدە تا بەڵکوو لەوێوە لە خوای مووسا هەواڵێکم دەس بکەوێ، لام وایە ئەو لە درۆزنانە ﴿٣٨﴾ ئەو و لەشکرەکانی بە ناهەق لەسەر زەوی خۆیان بە زل زانی و ملیان بادا و گومانیان وا بوو کە ناگەڕێندرێنەوە بۆ لای ئێمە ﴿٣٩﴾ جا ئێمەیش ئەو و سپاکانی ئەومان گرت و توورمان هەڵدانە نێو زەریا، جا ئێستا بنوارە کە سەرەنجامی کاری ستەمکاران چلۆن بوو؟ ﴿٤٠﴾ ئەوانمان کردە پێشەوایانێک کە (خەڵک) بۆ نێو ئاگر بانگ دەکەن و لە ڕۆژی بەرێدا یارمەتی نادرێن ﴿٤١﴾ لەم دنیایەدا لەعنەتمان بە دوادا ناردن و لە قیامەتیشدا لە ڕووڕەشان و کرێت و بێبەش لە جوانی و لە ناحەزانن ﴿٤٢﴾ دوای ئەوەی خەڵکی ڕۆژگاری پێشوو و پێشینمان لەناو برد، بە مووسا کتێبمان دا تا بۆ خەڵک ڕووناکی و ڕێنوێنی و ڕەحمەت بێ، بەڵکوو پەند بگرن ﴿٤٣﴾

دکتور سا لح ئیبرا هیمی



ئەودەمەی کە فەرمانی پێغەمبەرایەتیمان بە مووسا دا، تۆ نە لە لای خۆرئاوای کێوی توور بووی، نە هیچ ئاگایشت لێ بووە ﴿٤٤﴾ بەڵام لەوە بەدوا ئێمە چەندین بەرەمان بەدیهێنا، جا ڕۆژگارێکی درێژیان بەسەردا چوو، تۆ لە نێوان خەڵکی مەدیەن نەبووی کە نیشانەکانی ئێمەیان بەسەردا بخوێنیتەوە، بەڵام ئەوە ئێمەین کە تۆ دەنێرین (بەو نیشانانەوە) ﴿٤٥﴾ تۆ لای کێوی توور نەبووی ئەودەمەی کە هەرامان لە مووسا کرد، بەڵام ئەمە ڕەحمەتێک بوو لە لایەن پەروەرێنەرتەوە (کە داویە بە تۆ) تا بە هۆی ئەوە خەڵکێک کە بەر لە تۆ ترسێنەرێکیان نەبوو، بیانترسێنی، تا بەڵکوو بیر بکەنەوە و پەند بگرن ﴿٤٦﴾ تا ئەگەر بە هۆی کردەوەیەک کە کردوویانە تووشی دەرد (و بەڵا)یێک ئەبوون، جا دەیانوت: ئەی پەروەرێنەری ئێمە! بۆچ پێغەمبەرێکت بۆ نەناردین تا لە نیشانەکانت پەیڕەوی بکەین و لە بڕواداران بین و (تووشی عەزاب نەبین) ﴿٤٧﴾ جا کاتێ هەقیان لە لایەن ئێمەوە بۆ هات، و تیان: بۆچ ئەوەی بە مووسا درابوو بەو (محەمەد) نەدراوە، ئایا ئەمانە بەر لەمە ئەوەی کە بە مووسا درابوو ئینکاریان نەکرد؟ وتیان: ئەم دووانە دوو جادووگەرن و پشتیوانی یەکتر دەکەن تا لاڕێمان کەن و وتیان: ئێمە لە هەردووکیان حاشامانە ﴿٤٨﴾ بڵێ: ئەگەر ڕاستبێژن کتێبێک لە لایەن خواوە بێنن کە لەم دووانە (تەورات و قورئان) باشتر ڕێنوێنی بکا تا من پەیڕەوی لێ بکەم ﴿٤٩﴾ جا ئەگەر ئەم پێشنیارەی تۆیان وەرنەگرت پەرسف (و وەڵامیان نەدایتەوە)، جا بزانە کە تەنیا لە هەوا و ئەلها و کەڵکەڵە و هانا و ئارەزووی خۆیان پەیڕەوی دەکەن، کێ لەو کەسە لاڕێتر کە بێئەوەی ڕێنوێنیێکی لە خواوە هەبێ (هەروا ڕەمەکی) بە دوای هەوای خۆی بکەوێ، خوا هۆزی ستەمکاران ڕێنوێنی ناکا ﴿٥٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسا لح ئیبراهیمی



لە پەستا یەک لەدوای یەک، ئەو وتارەمـان بـۆ هەنـاردن، بەڵکـوو بیـر بـکەنەوە و پەنـد بگـرن ﴿٥١﴾ کەسانێ کە لە بەرا کتێبـی ئاسـمانیمان پـێدابـوون، ئەوانە بەو (قورئـان)ە بـڕوا دێـنن ﴿٥٢﴾ هەرکـاتێ کە (قورئـان) بەسـەریاندا دەخوێنـدرێتەوە، دەڵـێن: بڕوامـان بەوە هێنـاوە، بەڕاستی ئەوە (قورئان) هەقە و لە لایەن پەروەرێنەرمانەوەیە، بەرلەوەیـش خـۆ بە دەسـەوەدەر بووین (موسڵمان بووین) ﴿٥٣﴾ ئەوانە لەبەر ئەوەی تابشتیان هێنابوو، دوو جار پاداشـیان پـێ ئەدرێ و ئەوانە بە هـۆی چاکەوە خـراپە لەنـاو ئەبەن، لەوەی ئـێمە پێمـان داون ڕسـق و ڕۆزی خەڵکی دیکەی لێدەدەن ﴿٥٤﴾ هەرکاتێ قسەی هیچوپووچ ببیسن، لە گوێی خۆیان دەرداوێـن و فرێیدەدەن و ڕووی لێدەسوورێنن و دەڵێن: (ئاکـامی) کـاری ئـێمە بـۆ ئـێمەیە و (ئاکـامی) کاری ئێوەیش بۆ خۆتانە، سلاوتان لێ بێ و لە ئێمەوە بێ وەزەن و بێ ئازارن، ئـێمە نەزانانمـان ناوێ! ﴿٥٥﴾ ڕێنۆینی دەکا خوا ڕێنوێنبووان باشتر دەناسـێ ﴿٥٦﴾ وتیـان: ئەگەر لە ڕێنـوێنی ناتوانی هەرکەس کە تـۆ پێـت خـۆش بـێ ڕێنـوێنی بـکەی، بەلام هەرکەس کە خـوا بـیەوێ (و شیاویش بێ) (و دینێ) کە بە تۆیە پەیڕەوی بکەین، ئێمە لە زاگە و جێی لەدایکبوون و لە زێد و سەر ئەرز دەرفێندرێن، قەرە دەکرێن و دەردەکرێن ئایا ئەوانمان لە شۆینێکی ئەمـن و هـێمن جێنەدا کە میوە و بەروبوو (نیعمەت)ی هەموو جۆرێکت (لە هەموو شار و دێیەکەوە) بۆ دێ، بەلام زۆربەی ئەوانە نازانن ﴿٥٧﴾ زورێ لە شـارەکان و ئاوایەکانمـان لە نـاوبرد کە لەبەر زۆری نیعمەت مەست و مەغروور ببوون، ئەمە ماڵەکانیـانە (کە وێـران بـووە) و دوای ئەوان مەگەر زەمانێکی کەم، دەنا کەسێ لەوێ نەما، ئێمە خۆمان بووینە میراتگریان ﴿٥٨﴾ پەروەرێـنەرت لەناوبەری هیچ شار و ئاواییەک نەبـووە تـا پێغەمبەرێـک نەنێـرێتە نێویـان کە نیشـانەکانی ئێمەیان بەسـەردا بخـوێنێتەوە، ئـێمە لەنـاوبەری هـیچ ئـاواییەک نەبـووین، مەگەر ئەوە کە خەڵکەکەی ستەمکار بووبن ﴿٥٩﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



ئەوەی کە بە ئێوە دراوە کاڵای دنیا و زەمبەر و خشڵ و زینەتی ئەوە، ئەوەی لای خوایە باشتر و پایەدارترە، جا ئایا ئەقڵتان ناخەنە کار؟ ﴿٦٠﴾ ئایا کەسێ کە بەڵێنی چاکمان پێداوە جا پێشی دەگا، وەکوو کەسێکە کە کاڵای دنیامان پێداوە، لە پاشان ڕۆژی قیامەت بۆ سزا و جەزادان لە حازران دەبێ ﴿٦١﴾ ڕۆژێ کە (خوا) هەرایان لێدەکا، جا دەڵێ: لە کوێن هاوبەشانێ کە بە گومان بۆ منتان دائەنا؟! ﴿٦٢﴾ کەسانێ (لە سەرۆکانی لاڕێ) کە فەرمانی عەزاب لە بارەی ئەواندا هاتۆتە دی، دەڵێن: ئەی پەروەرێنەرمان! ئەمانەن ئەو کەسانەی وا لاڕێمان کردوون، (بەڵێ) ئێمە ئەوانمان لە ڕێ لادا، هەروەکوو خۆمان گومڕا بووین، ئێمە لەوان بێزارین، ئەوان لە ڕاستیدا عیبادەتی ئێمەیان نەدەکرد (بەڵکوو بە دوای هەوا و ئارەزووی خۆیان کەوتبوون) ﴿٦٣﴾ بەوان (عابیدان) دەوترێ: شەریکەکانتان؛ ئەو بتگەلە کە بەخەیاڵ بە هاوبەشی خواتان دانابوو، بانگیان بکەن، بەڵام وەڵامیان نادەنەوە، لەو دەمەدا عەزابی خوا دەبینن و ئارەزوو دەکەن خۆزگە ڕێنوێن بوایەن ﴿٦٤﴾ ڕۆژێ کە خوا بانگیان دەکا، جا (پیان دەفەرمێ) چلۆن وەڵامی پێغەمبەرانتان دایەوە؟! ﴿٦٥﴾ لەو ڕۆژەدا هەموو هەواڵێکیان لە بیر دەچێتەوە، جا ناتوانن لە یەکتریش بپرسن ﴿٦٦﴾ بەڵام کەسێ کە تۆبەی کردووە و بڕوای هێناوە و کردەوەی چاکی کردووە، هیوای وایە کە لە ڕزگاران بێ ﴿٦٧﴾ پەروەرێنەرت هەرچی بیەوێ خەڵقی دەکا و هەڵیدەبژێرێ، (بەڵام) بۆ ئەوان (لە ڕاست ویستی خوا) حەقی بژاردن و ئیختیارێک نییە، بێخەوشە خوا و بەرزە (و بە دوور)ە لەوەی کە دەیکەنە هاوبەشی ﴿٦٨﴾ پەروەرێنەرت دەزانێ ئەوەی لە نێو دڵیان دەیشارنەوە و ئەوەی دەریدەخەن ﴿٦٩﴾ ئەوە خوای تاک، هیچ خوایەک بێجگە لەو نییە، پەسن و سپاس تایبەت بەوە چ لەم دنیا و چ لەو دنیاوە فەرمان و حوکوومەت هەر هی ئەوە و هەموو بۆ لای ئەو دەگەڕێندرێنەوە ﴿٧٠﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سالح ئیبراهیمی



بلّێ: ئایا ده‌زانن (که‌ به‌ من بلّێن:) ئه‌گه‌ر خوا شه‌وتان تا ڕۆژی قیامه‌ت بۆ درێژ بکاته‌وه‌ چ خوایه‌ک بێجگه‌ له‌ خوا هه‌یه‌ ڕووناکیتان بۆ بێنێ؟ جا ئایا نابیسن؟! ﴿٧١﴾ بلّێ: ئایا ده‌زانن (که‌ به‌ من خه‌به‌ر بده‌ن) ئه‌گه‌ر خوا ڕۆژتان تا ڕۆژی قیامه‌ت لێ درێژ بکاته‌وه‌، چ خوایه‌ک بێجگه‌ له‌ خوا هه‌یه‌ شه‌وتان بۆ بینێ که‌ له‌ودا بحه‌سێنه‌وه‌ و هه‌دای تێدا بده‌ن و ئۆقره‌ و ئارامی تێدا بگرن؟ جا ئایا نابینن؟! ﴿٧٢﴾ له‌ ڕه‌حمه‌تی ئه‌وه‌ که‌ شه‌و و ڕۆژی بۆ داهێناون تا له‌و (شه‌وه‌)دا بحه‌سێنه‌وه‌و (له‌ ڕۆژیش) بۆ به‌ ده‌ستهێنانی ڕسق و فه‌زیله‌تی خوا بکه‌ونه‌ کار، به‌لّکوو سپاسی خوا بکه‌ن ﴿٧٣﴾ ڕۆژێ که‌ خوا هه‌رایان لێ‌ده‌کا، جا ده‌لّێ: هاوبه‌شانێ که‌ به‌ گومان بۆ منتان دائه‌نا له‌کوێن؟! ﴿٧٤﴾ (له‌و ڕۆژه‌دا) له‌ هه‌ر گه‌لێ شایه‌دێ دێنین و (به‌ موشریکان) ده‌لّێین: به‌لّگه‌ی خۆتان بێنن، جا ئه‌وان ده‌زانن که‌ به‌ڕاستی هه‌ق تایبه‌تی خوایه‌ و هه‌موو ئه‌وانه‌ی به‌ درۆ سازیان دابوو، لێیان گوم و بزر ده‌بن ﴿٧٥﴾ به‌ڕاستی قارون له‌ هۆزی مووسا بوو، جا سته‌می له‌وان کرد، ئه‌وه‌نده‌مان گه‌نج پێ‌دابوو که‌ هه‌لّگرتنی کلیله‌کانی بۆ ده‌سته‌یه‌کی به‌هێز سه‌خت بوو، کاتێ که‌ هۆزه‌که‌ی به‌و (قاروون)یان وت: ئه‌وه‌نده‌ شاد و به‌فیز و غللوور و بادی‌هه‌وا مه‌به‌، چونکه‌ خوا مرۆی له‌ خۆ ده‌رچووی خۆشناوێ ﴿٧٦﴾ له‌وه‌ی که‌ خوا پێی داوی، ئه‌و دنیای پێ به‌ ده‌س بێنه‌ و به‌شی خۆیشت له‌م دنیایه‌ له‌ بیر مه‌به‌وه‌، هه‌ر به‌و جۆره‌ی خوا چاکه‌ی له‌گه‌لّت کردووه‌، (له‌گه‌لّ خه‌لّکدا) چاکه‌ بکه‌ و له‌سه‌ر زه‌وی به‌ دوای کاری خراپا مه‌ڕۆ، به‌ڕاستی خوا خراپان و ئیفسادکه‌رانی خۆشناوێ ﴿٧٧﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتورسالح ئیبراهیمی



(قارۆون) وتی: ئەم سامانە تەنیا لە ڕووی زانستێکەوە کە هەمە بە من دراوە، ئایا نەیزانیبوو کە بەڕاستی خوا بەر لەویش بەرەگەلێکی لە نێو بردبوو کە هێزیشیان لەو (قارۆون) زیاتر بوو و ژماریشان زۆرتر بوو، (کاتێ عەزابی خوا هات) لە تاوانی ئەم تاوانبارانە پرسیار ناکرێ (و چون خوا ئاگای لە تاوانیان هەیە و نیازی بە پرسینەوە لەوان نییە دەرەتانی عوزر هێنانەوەیان پێ نادرێ) ﴿٧٨﴾ جا (قارۆون) بە تەنتەنە و سەنتەنەوە و بە جەلال و شکۆە (ڕۆژێ) هاتە دەرێ بە جوانی و ڕازاوەیی بۆ نێو هۆزەکەی، ئەوانەی کە ژیانی دنیایان دەویست، وتیان: خۆزگە ئەوەندەی بە قارۆون دراوە، ئێمەیش بمانبوایە، ئەو (قارۆون) خاوەنی بەشی زۆرە ﴿٧٩﴾ بەڵام ئەوانە کە زانستیان پێدرابوو (زانایان) وتیان: وای بۆ ئێوە! خێری خوا چاکترە بۆ ئەو کەسانەی کە بڕوایان هێناوە و کردەوەی چاکیان کردووە، بەڵام بێجگە لە خۆڕاگران و تابشتهێنەران کەسێ بەوە ناگا ﴿٨٠﴾ جا ئێمە ئەو و ماڵ (و سامانەکە)ی ئەومان بە زەویدا بردە خوارێ، جا هیچ دەستەیەک نەبوو تا لە بەرامبەری خوا یارمەتی ئەو بدا، خۆیشی نەیدەتوانی یارمەتی خۆی بدا ﴿٨١﴾ ڕۆژی دیکە ئەو کەسانەی کە دوێنێ ئارەزوویان دەکرد کە لە جێی ئەو (قارۆون) بن، دەیانوت: وای بۆ ئێمە، وەک ئەمە خوا بۆ هەرکەس لە بەندەکانی کە بیەوێ بە ڕسق و ڕۆژی ئەو پەرە دەدا یا کەمی دەکاتەوە، ئەگەر خوا منەتی لەسەر دانەنابایین ئێمەیش بە زەویدا ڕۆدەچووین، وای وەک ئەمە خوا کافران ڕزگار ناکا ﴿٨٢﴾ ئەو دنیا تەنیا بۆ کەسانێکە کە لەم دنیایەدا خۆ بە زل نەزانن و خراپەیش ناکەن، سەرەنجامی چاک بۆ خۆپارێزانە ﴿٨٣﴾ هەرکەس کاری چاک بکا، جا باشتر لەوە پاداشی پێئەدرێتەوە و هەرکەسانێک کە خراپە دەکەن سزا نادرێن مەگەر بە ڕادەی خراپەکەیان ﴿٨٤﴾



Dr. Saleh Ebrahimi

دکتور سا لح ئیبراهیمی



بێگومان کەسێ ئەم قورئانەی کردە ئەرکی سەرشانی تۆ و بۆ تۆی ناردووە خاترجەم بە تۆ دەگێڕێتەوە بۆ جێی لە دایک بوونت، بڵێ: پەروەرێنەرم لە هەموو زاناتر و ئاگاترە و ئەزانێ چ کەسێ (بەرنامەی) ڕێنوێنی هێناوە و چکەسێکیش لە لاڕێیی ئاشکرادایە ﴿٨٥﴾ تۆ هەرگیز بە هیوا نەبووی ئەم کتێبەت بۆ بنێردرێ، ئەگەر ڕەحمەتی خوا نەبوایە، جا پشتیوانی کافران مەبە ﴿٨٦﴾ دوای ئەوەی نیشانەکانی خوات بۆ هات، تۆ لەوە نەگێڕنەوە، خەڵک بۆ لای پەروەرێنەرت بانگ بکە، (هەرگیز) تۆ لە موشریکان مەبە ﴿٨٧﴾ لەگەڵ خوا کەسێتر بانگ مەکە، هیچ مەعبوودێ بێجگە لە خوا نییە، هەموو شتێک تیادەچێ، مەگەر زاتی پاکی ئەو نەبێ، فەرمان و حوکوومەت تایبەت بەوە و تەنیا بۆ لای ئەو دەگێڕدرێنەوە ﴿٨٨﴾

## سوورەی عەنکەبووت: داپیرۆشك ٦٩ ئایەتە

**سوورەی عەنکەبووت لە مەککە هاتۆتەخواری و بە (بسم‌الله)وە ٦٩ ئایەتە.**

بە ناوی خوای بەخشەر و دڵاوێن

ئەلف، لام، میم، خوا خۆی بە واتای ئەمانە باشتر دەزانێ ﴿١﴾ ئایا خەڵک گومانیان کردووە کە ئەگەر بڵێن: بڕوامان هێنا، وازیان لێ دەهێندرێ و ئیتر ئەزموون ناکرێن ﴿٢﴾ کەسانێک کە بەر لەمانە بوون تاقیمان کردنەوە، (ئەمانەش ئەزموون دەکەین) تا خوا کەسانێ کە ڕاستیان وتووە بیانناسێ و کەسانێ کە درۆزن بوون لێیان ئاگادار بێ ﴿٣﴾ یا ئایا ئەوانەی کە کردەوەی خراپ دەکەن گومانیان کردووە کە لە ژێر دەسەڵاتی ئێمە دەردەچن؟ چەن خراپ داوەری دەکەن ﴿٤﴾ کەسێ کە بە دیداری خوا هیوای هەیە، (جا با تاعەتی خوا بکا) چونکە ماوەیەک کە خوا دیاری کردووە، هەربینا بەم زووانە و لەناکاو هات و هەر دێ و هەر ئەوە ژنەوای زانا و ئاگا ﴿٥﴾ هەرکەس کە تێبکۆشێ (خەزا بکا) تەنیا بۆ خۆی تێدەکۆشێ، بەڕاستی خوا لە هەموو جیهانیان بێنیازە ﴿٦﴾



Dr. Saleh Ebrahimi